# تەفسیری ئایەتی ( ٣٠- ٣١ ) لەسورەتی الفرقان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی : عەبدولسەلام موحەمەد پشدەری

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ تفسير الآية ( ٣٠ ـ ٣١ ) من سورة الفرقان ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : عبد السلام محمد بشدري

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# تەفسیری ئایەتی ( ٣٠- ٣١ ) لەسورەتی الفرقان

سوپاس وستایش بۆ ئەو پەروەرگارەی کە هیچ خودایەکی تری بەهەق نیە جگە لەئەو، کە قورئانی پیرۆزی بەهەق نازڵ کردووە بۆ پێغەمبەرەکەی، وە درود ورەحمەتی بەردەوامیش بۆ سەر ئەو پێغەمبەرەی کە ئەزیەت و ئازاری کێشا لەپێناو گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام تاوەکو ببێت بە ڕەحمەت بۆ تەواوی جیهانیان وە بۆ سەرگیانی هاوەڵ و شوینکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

خوای گەورە ومیهرەبان لەسورەتی الفرقان دا دیمەنێك لەو دیمەنانەمان بۆ باس دەکات کە پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) سکاڵای خۆی لای پەروەردگار دەکات لەدەست گەل وهۆزەکەی کەبەچ شێوەك وازیان لە ئاین وبەرنامەکەی هێنا وشوێن گومڕایی وسەر لێشێوایی کەوتن کە دەفەرموێت : ( وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ) واتە : پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم – دەفەرموێت : ئەی پەروەردگارم! بێگومان - وەك خۆت ئاگاداریی- قەوم و هۆزەکەم وازیان لەم قورئانە هێناو پشتگوێیان خست و بەدوایا نەچوون و لێی دوور کەوتنەوە!!

زانایان دەڵێن : خوای گەورە ئەم ئایەتەی پاش ئەوە دابەزاند کە قورەیش وبتپەرستانی مەککە کە باوەڕیان بەپێغەمبەری خودا نەهێنا وگاڵتەیان پێکرد وبەساحیر وجادووگەر وشاعیر ودرۆزن ناویان دەبرد بۆئەوەی خەڵکی لێ دووربخەنەوە، هەر بۆیە پێغەمبەری خودا زۆر ناڕەحەت بوو بەم هەڵوێستەی گەل و هۆزەکەی، خودای گەورەش بۆ ئەوەی دڵی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی بداتەوە ئەم ئایەتەی تری بەدوای ئایەتی پێشوودا دابەزاند کە دەفەرموێت : ( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ) هەر بەو شێوەیەی کە تۆ دوژمنایەتی دەکرێیت لەلایەن ئەو کەسانەی کە باوەڕ پێ ناهێنن لەگەل وهۆزەکەت وبەرەنگارت دەبنەوە هەر بەو شێوەیە پێغەمبەرانی تری پێش تۆ دوژمن وبەرهەڵستکاریان هەبووە ودژایەتی کراون، دوژمنەکانی تۆ ئەگەر ئەبو جەهل وئومەیەی کوری خەلەف وئەبو لەهەب بووبن، ئەوا دوژمنی باوکی پێغەمبەران حەزرەتی ئیبراهیم ( عليه السلام ) نەمردو وباوکیشی بووە، هەروەك چۆن دوژمنی موسى فیرعەونی سەرسەخت و قارون بووە .

بۆیە نابێت ئەی پێغەمبەری خودا ناڕەحەت ببیت چونکە ئەوە سوننەتی ئەم ئاینە پیرۆزەیە کەدەبێت بزانیت ڕیگاکەی بەدڕك و داڵ وناڕەحەتی چێنراوە، هەموو ئەمانە

دڵدانەوەیەکی زۆر گرنگ بوون بۆ پێغەمبەری خودا – صلى الله عليه وسلم – وشوێن کەوتوانی کە زیاتر دامەزراویان بکات لەسەر بەردەوامی بانگەوازەکەیان .

بەڵی خۆشەویستان ئەم ئایەتانەی تەفسیرمان کردن تایبەت نین بەو سەردەم وزەمەنەی کە پێغەمبەر – صلى الله عليه وسلم – بەڵکو وەك زانایانی أصول الفقه دەڵێن : ( العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب ) واتە : پەند لەدەقەکاندا بەگشتگیریانەیە نەك بەتایبەتمەندی ئەو هۆکارانەی کە بۆیان دابەزیووە یان بۆیان ووتراوە .

هەر بۆیە واز هێنان وپشتکردن لەقورئانی پیرۆز تەنها کاری گەل وهۆزەکەی پێغەمبەر– صلى الله عليه وسلم – نەبووە وە بەتەنهاش سکاڵا و شەکوا ناکات لەوان بەڵکو هەتا ڕۆژی دوایی هەر کەس وهەر گەل وهۆزێك پشت لەقورئانی پیرۆز بکەن ونەیکەن بەرنامە وکاری ژیانیان بەر ئەو سکاڵایەی محمد المصطفى دەکەون، وەك ابن القيم ( ڕەحمەتی خوای لی بێت ) لەکتێبی ( الفوائد ) لاپەڕە ( ١٠٤ - ١٠٥ ) لەم بارەیەوە دەڵێت : هجر القرآن أنواع:

-أحدها: هجر سماعه والإيمان به والإصغاء إليه.

-الثاني: هجر العمل به والوقوف عند حلاله وحرامه، وإن قرأه وآمن به.

-الثالث: هجر الحكم به والتحاكم إليه في أصول الدين وفروعه.

-الرابع: هجر تدبره وتفهمه ومعرفة ما أراد المتكلِّم به منه سبحانه وتعالى.

-الخامس: هجر الاستشفاء والتداوي به من جميع أمراض القلوب وأدوائها، وكل هذا داخل في قوله تعالى: ( وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُواْ هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا )، وإن كان بعض الهجر أهون من بعض .

واتە : وازهێنان و ( هجر ) کردنی قورئانی پیرۆز چەند جۆرێکە :

یەکەم : وازهێنان لەگوێگرتن وباوەڕ پێ بوونی .

خوێندنی قورئانی پیرۆز وگوێگرتن لەماناکانی یەکێکە لەهۆکارانەی سەرفرازی وبەدەستهێنانی خێر وپاداشتێکی زۆر لەهەمان کاتدا هەروەك چۆن لاشە وجەستە پێویستی بە خۆراك هەیە بەهەمان شێوە ڕۆحیش پێویستی بەخۆراك هەیە خۆراکی ڕۆحیش لای باوەڕداران بریتیە لەگەڵ بوونی قورئان وذیکر وبیرکردنەوە لەمانا ونهێنیەکانی، خوای گەورەش فەرمان دەکات هەرکاتێك قورئانی پیرۆز خوێندرا گوێی بۆ بگیرێت و بەووردیەوە بیر لەماناکانی بکرێتەوە وەك فەرموویەتی : ( وإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ) { الأعراف : ٢٠٤ } وە هەر کە ئەم قورئانە دەخوێندرێ زۆر بەوردیی- ئێوە ئەی ئیمانداران - گوێی بدەنێ وکڕو بێدەنگ بن و هەراو

هوريا مەكەن، سا بەڵكو خوا لەبەر ڕێزلێنان و قابیلبوون بەگەورەیی و ڕێزداریی قورئان، بەزەیی پێتانا بێتەوە .

دووەم : وازهێنان لە كارپێكردنی وهەڵوێستەكردن لەسەر حەڵاڵ وحەرامكراوەكانی، هەرچەند بیشخوێنیتەوە وباوەڕیشی پێی بێت .

كەواتە باوەڕ بوون تەنها ووتە و بانگەشە نیە بەڵكو باوەڕ بوون بەوەی قورئانی پیرۆز دەستوری ژیانمان بێت پێویستە ئەوەش خوای گەورە بەحەڵاڵی داناوە بەحەڵاڵی بزانین ولەو شتە حەڵاڵكراوانەیش بخۆین كە زاتی هەق تەعالای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆز و پێغەمبەرەكەی لەسوننەتەكانیدا ڕۆشنیان كردوەتەوە، وە دووریش بكەوینەوە لەوەی كە ئەوان بەحەرام و قەدەغەكراویان داناوە هەر بۆیە دەبینین كە پەروەردگار سەرزەنشتی ئەوانە دەكات كە بەئارەزوی خۆیان شتەكان حەڵاڵ و حەرام دەكەن، وەك فەرموویەتی : (وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ) { النحل ١١٦ } نەكەن بەقاڵەی دەم و زمانتان بڵێن ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەرامە، بۆ ئەوەی درۆ بەناوی خواو ئاینی خواوە هەڵبەستن، (دیاری كردنی حەڵاڵ و حەرام بەدەست ئێوە نیە، چونكە ) بەڕاستی ئەوانەی درۆ بۆ خواو ئاینی خوا هەڵدەبەستن سەرفرازو سەركەوتوو نابن .

سێهەم : وازهێنان لەحوكم پێكردن وحوكم بردنەوە بۆلای لەبنەما ولق وپۆپەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا .

لە بارەی واجب بوونی حوكم بەو شەریعەت وبەرنامەیەی كە محمد المصطفى هێناویەتی خوای گەورە فەرموویەتی : (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ) { النساء : ٦٥ } نەخێر، سوێند بەپەروەردگارت باوەڕ ناهێنن هەتا لەهەموو كێشەیەكدا كەڕوودەدا لەنێوانیاندا تۆ نەكەن بەدادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەكەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ ودەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی كەدادوەریت لەسەر كردووە ودەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.

چوارەم : وازهێنان لەبیرلێكردنەوە وتێگەیشتن وئەو مانایەی كە خوای گەورە وپاك وبێگەرد مەبەستیەتی .

خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ( أفلا يَتَدَبرونَ القُرآنَ أم عَلى قُلوبٍ أقفَالُهُا ) { محمد: ٢٤ } ئەوە بۆ بیر لەمانا و واتا گەورەكانی قورئانی پیرۆز ناكەنەوە، یان ئەوەتانێ كە دڵەكانیان قوفڵی لێدراوە .

پێنجەم : وازهێنان لەداواكردنی شیفا وچارەسەركردن بەقورئانی پیرۆز بۆ سەرجەم

نەخۆشیەکانی دڵ ودەرمانەکانی .

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی ئەوەی بۆ کردووین کە کەلام و قورئانەکەی شیفان بۆ نەخۆشی مرۆڤەکان وەك فەرموویەتی : (وننزل من القرآن ما هو شفاء ورحمة للمؤمنين ) { الإسراء : ٨٢ } ئێمە لە قورئان ئایەت وسوورەتانێك دادەبەزێنین، کە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەکان هەروەها ڕەحمەت ومیهرەبانیش، بۆ ئیمانداران .

هەموو ئەمانە دەچنە چوارچێوەی تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : (وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُواْ هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ) ئەگەر چی هەندێك وازهێنانیان ئاسان وسووك ترن لەهەندێکی تریان .

لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە بەو کەس وگەل وهۆزانەمان بگێڕێت کەکار بەقورئانی پیرۆز دەکەن و واز لە فەرمانەکانی ناهێنن ودوور دەکەونەوە لەقەدەغەکراوەکانی وبەدوورمان بگرێت لەو کەس وگەل وهۆزانەی کەپێغەمبەری خودا – صلى الله عليه وسلم – سکاڵایان لەسەر دەکات لای خوای گەورە ( ئامین يارب العالمين ) .

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .**